هاوین بوو. خۆر سوتێنەرو زەریا بە درەوشە، دورگەکانی گریکستان کەوتبوونە چەپەوەو جەنگاوەرگەلێکی زرێپۆش، جحێلّ و کاملّ و پیرەمێردگەلێکی ڕیش سپیی لە کەشتییەکەدا بوون. ئەوانە بەرەو ڕزگارکردنی مەرقەدی پیرۆز دەچوون، چەند مانگێك بوو جەنگاوەرانی مەسیح (دامییێتیێ) یان گەمارۆدابوو، بەلاّم سولّتان (مەلیك ئەلکامیل) کە جەنگاوەرێکی دلێر بوو، بەری لە خۆبەدەستەوەدانی شارەکە گرتبوو.

لە کلکەی (مالییا) ڕووبەڕووی تۆفانێکی گەورە بووینەوەو زەریا بە هەزاران سەرو بە هەزاران دەمەوە هەلّدەچوو تا هەلّمانلوشێ. پیاوەکان ڕەنگیان پێنەمابوو، تژیی لە پەرۆشیی، لەنیشتمانیان دەنۆڕی و هەناسەیان هەلّدەکێشا، ئای گەر توانرابا بازێك درابا تا گیان غیرەتی وەبەر دەهاتەوە، خۆ بە پەلکێکەوە ڕاگیرابا! ئەو ژنانەی کە لەگەلّ ئەواندا سەفەریان دەکرد، دەیانزریکاند. فرانسیسکۆس

پێیگوت:" خوشکێ، خوشکی سۆزانیی، بۆچیی ناتەوێ ڕۆحی خۆت ڕزگارکەیت؟ چما چ مەیلێکت بۆ ڕزگاربوون نییە؟ بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە جەستەی خۆت تەسلیمی پیاوان کردووە، چما چ مەیلێکت بۆ ڕزگاربوون نەبووە؟ ڕێگەمبدە دەست بنێمە سەر سەرت و لە خودا بپاڕێمەوە ڕەحمت پێبکا!"

ژنەکە دایە قاقای پێکەنین.

- " قەشە دەی دەستت بخە سەر سەرم، دوعای خۆت بکەو خوداکەت بانگکە تا بێتە خوارەوەو موجیزەی خۆی بنوێنێ!"

فرانسیسکۆس دەستی نایە سەر قژی ڕەش و ژاکاوی ژنەو چاوانی بۆ ئاسمان هەڵبڕی.

لەبەرخۆیەوە گوتیی: " مەسیح تۆ کە لە پێناوی هەژاراندا نازیلّ بوویت، لە پێناوی گوناهباران و سۆزانییەکاندا نازیلّ بوویت، دەی ڕەحم بەم ژنە ڕووتوقووتە بکە، لە قولاّییڕا ئەم ژنە خاوەن دلّێکی میهرەبانە، بەلاّم ئیدی ئەو ڕێگە خەراپەی گرتۆتەبەر. دەستت ڕایەڵکەو بەرەو ڕێگەی ڕزگاربوون ڕێنوێنیی کە!"

گوتی:" بنۆڕە جەنابی فرانسیسکۆس، ئەی کوڕەکەی بێرناردۆنیێ، ئەمە ژنەکەتە، ئەمانەش منالّەکانتن، ئەوانەی دوواشیانەوە خزمەتکارو کارەکەرەکەتن. هەموو خێزانەکە چوونەتە دەرەوە بۆ پیاسە، تۆیش لە پێشەوە دەڕۆیت، تۆی پیاوو تۆی باوك و تۆی عالیجەناب!"

کوتوپڕ پێکەنینەکەی وشکهەڵگەڕا، ڕوخساری گرژبوو، دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی. هەر عەینەن لەوساتەدا خۆر نزمبۆوەو سەراپای چیاکەی ڕوناك کردەوە، ئاسیزیی وەکی وێنەی خەونێك و وەك خەیاڵێك، هەروەك ئەوەی کە لەزوقمی بەیان خولْقابێ، لە فەزادا دەستی ڕاوەشاند.

فرانسیسکۆس بە دەنگێکی بە سوێ هاواریکرد:" خودایە، خودایە، ئەمر بە خۆر بفەرموو بەسەر خێزانەکەمدا بکەوێ و بیتوێنێتەوە، دەمەوێ ئازاد بم!"

ئەوجا خۆیدا بەعەرداو دای لەقوڵپی گریان. من نزیکیبوومەوەو لە جبەکەیمەوە پێچاو گوریسە خوێناوییەکەم هەڵگرت و لەنێو قەدیم گرێدا، ئەوسا قۆڵیم گرت و هەڵمساند.

